چیرۆک

# زەمەنی شەوەکان

مەحموود نەجمەدین

شەوێک لە ژوورە تاریک و خامۆشەکەم، لە رۆژی لەدایکبوونی ئازارەکانمەوە ئەو ژوورەم دۆزییەوە، ئاخ، مانای چییە؟!، ژوورێک وا خامۆش ژوورێک لە ناوەڕاستی زەلکاوێکدا، گەورەترین زەلکاوی دنیا.

ژوور..، تاریکی ..، خامۆشی..، ژوور ..

بیرم لەوە دەکردەوە بۆ لەو زەلکاوەدا دەگەوزێم؟، جگەرە لە دوای جگەرە گەرووم پڕ کرد لە دووکەڵ، دەمویست تێ بگەم و تێ نەدەگەیشتم، بۆ تەنهاییم گەورەترین قەرەباڵغی بێت، بۆ ئەم هەموو شتە پڕوپووچە بێ مانایە لە مێشکی مندا جێگیر بێت؟!، بۆ.؟، .. چۆن ؟، تا



ئەو ژوورەم بیر کەوتەوە خزامە ناو ئەو چاڵە گەورەیەوە، دەمویست تێ بگەم بۆ لەم چاڵەدا خۆم حەشار داوە ؟!، لە دڵی خۆمدا دەمگوت "من لەم چاڵەدام یان من .. یان من .. یان من.." .

لەوانەیە منی ناو من بێت، لە ناو مندایە و هەمیشە قسە دەکات، نازانم ئەو منە کێیە؟!، لە سەرەتای زەمەنەوە داگیری کردووم، بە ئارەزووی خۆی یاری بە رەهەندەکانم دەکات، هەندێک جار ئەو منە زمانم دەدات بە کفرێکدا، هەندێک جاریش لێوم رادەکێشێت بۆ ماچێک، ڕوومەتێک، هەندێک جار گەورەم دەکات و هەندێک جاریش سەخیفانە بچووکم دەکاتەوە.

هەمیشە من لە ناومدا دوودڵم دەکات و جوودام دەکات لە خوودانە هاوڕێکان، کچەکان، باوکم، تا هەناسەکانی لە هەموو جودام دەکات، ئەم نەگریسە نازانم چیم لێ ناکات !، تۆ بڵێی ئەم منە ئەو منە بێت کە ئێوارەی رابردوو هەناسەکانی ون بوو و مرد لە جادەکاندا، خۆی دەگێڕا و کەسێک نەبوو گۆڕێکی بۆ بدۆزێتەوە، هەندێک جار ماچی باوکم پێ دەکات و نازانم مەبەستی چییە، منێکە لە ناو مندا دەستکاریم دەکات، بێ مەبەست، .. ئاخ کە سەخیفە، ئاخ لەم منە لە هەموو شتێک پەشیمانم دەکاتەوە، هەندێک جار دەمکات بەمنداڵ و هەندێک جار بە فەیلەسووف، هەندێک جاریش عەبدی شەیتان، من لەوە دەترسم ئەم منەی ناو من، من نەبێ، هەندێک جار بیر لەوە دەکەمەوە جگە لەم منە چەند منی تر لە مندا هەیە؟، لەوانەیە هەزار من بێت، لەوانەشە هیچ، لەوانەشە "خوا" بێت، لەوانەشە ئەم منە ئەو منە نەبێت کە بەروح دەگری و بە دەمیش پێ دەکەنێت، ئاخ من، ئاخ من ...

کەس نەمکوژێت، شەیتان نەمکوژێت، خوا نەمکوژێت، باوکم نەمکوژێت، عەشق نەمکوژێت، تۆ نەمکوژی، ئەم منە دەمکوژێت .

زۆر جار هەوڵ دەدات قەناعەتم پێ بکات بەمەرگ رازی بم، ئاخ لەم منە، دوا قسەم لەگەڵ ئەم منەدا ئەم شەوی رابردوو بوو، لەسەر کورسیی یەکەم دانیشتبوو، پێی گوتم: لەوانەیە من بمرم، لە دوای من هەرچی میراتم هەیە بۆ تۆ " .

ئاخ ئەو نەگریسە، هێشتا ئەو دووە دەیەوێت لە دوای خۆی گەورەترین مەترسیم بۆ بەجێ بهێڵێت

میراتییەکان:-

یەکەم: لە هەموو شتێکی مرۆڤ بترسە.

دووەم: "هیچ" لەدەست خۆت مەدە.

سێیەم: لە گەورە مەترسە، لە بچووک بترسە.

چوارەم: ئەگەر کەسێک قسەی بۆ کردیت، گوێی لێ مەگرە، تۆش قسە بکە .

ئاخ شێتی کردم، خەوم لێ ناکەوێت، هەرچی حەبی خەو هەبوو لەم دنیایەدا خواردم، خەوم لێ نەکەوت، بیرم لە جووتبوونی رەق و نەرم دەکردەوە، ئەمشەو زانیم خۆشەویستی چەندە سەخیفە بۆ بەردێک دڵی دەریا دەشکێنێت.

شەو درەنگ بوو، خەڵک لە خۆشترین خەودا بوون، منیش بیرم لەبێ مانایی من دەکردەوە، بۆ خەڵک بێ پێویستی درۆ ناکات؟!، بڵێی تینوێتی بشکێنێت؟!!!

ئەمشەو بەعەقڵی خۆم لە مرۆڤ لام دا، هەندێک جار بۆ خۆشکردنی ئەم بابەتە بیرم لە پێکەنینی کچان دەکردەوە، حەزم دەکرد پێ بکەنم و نەشم دەوێرا، دەترسام باوکم لەخەو هەستێت و بەلەقە بمکوژێت، بیرم لە هەزار و یەک ملیۆن شت دەکردەوە، لە پرێکدا دەستم لە ئەرز خشاند و شتێک بەخەیاڵمدا هات، "ئاخ .. زەوی لەکوێوە بەرەو کوێ دەچێت؟" بیرم لەوە دەکردەوە گەر زەوی لە ناوەڕاستەوە ببێت بەدوو لەتەوە پارچەی لای راست بەرەو کوێ دەڕوات، ئەی پارچەی لای چەپ بۆ کوێ دەڕوات؟، لەوانەیە پارچەی لای چەپ خۆی بکێشێت بەلای راستدا، لەوانەشە بتەقێتەوە، لەوانەشە بەر ئەستێرەیەک بکەوێت، پارچەکەی تر بەرەو هەورازێک سەرەوژوور دەڕوات، ئەگەر نەتەقێتەوە ئەوا لەوانەیە لەگەڵ کەرتە ئەستێرەیەکدا خۆی خڕ کاتەوە، باشە ئەگەر ئەو لەتبوونی زەوییە لە ماڵی ئێمەوە و لە ژێر دۆشەکەکەی مندا کە ئێستا لەسەری راکشاوم رووی دا، خۆ لە ژێر منەوە درز دەبات؟ باشە من بچمە سەر کام پارچە؟ کام کەرتی زەوی؟، پێی راستم بێنمە لای پێی چەپم یان پێی چەپم بهێنمە لای راست ؟، جا بۆ، لە نێوان هەردووکیان دەوەستم چاوەڕوان دەکەم تا دەبێت بەدوو پارچەوە، دوایی بەنێویاندا شۆڕ دەبمەوە بۆ ناو قوڵایی ئاسمان، بەرەو ژووربێت یان بەرەو خوار شۆڕ دەبمەوە تا دەگەمە سەر ئەستێرەیەک، فرسەتە لە مرۆڤ رزگارم دەبێت و ئەستێرەیەکی گەورە هەمووی بست بەبست دەکەم بە بێستان و هەریەک ساڵم زەحمەتە لە هەژاری رزگارم دەبێت، ئا، ئا، هەمووی بەکرێ دەگرم دەکەم بۆ خۆم، نا، نا، بڵێی زەوی دوو پارچە ببێت و بتەقێتەوە؟ بەخوا بڕوا ناکەم بۆ دەتەقێتەوە؟، ئاخ .. ئاخ .. خوا، ئا منی بە دیاری، بەمیراتی، بەزۆر بۆ من نارد، لەم قسە هەلەق و بەلەقانەدابووم، مەلا کوێرەکەی مزگەوتە رووخاوەکە هاواری لێ هەڵسا "الله أكبر .. الله أكبر..."، بەخۆم گوت ئەی کافر، ئەی زەندیق، وا مەلا بانگی بەیانی دا و تۆ هێشتا نەخەوتوویت، خەڵک نوێژی بەیانی دەکات، من خەریکم زەوی لەت دەکەم، .. دەبخەوە..

دەبخەوە.. دەبخەوە..، هەی کافر وازبهێنە . ئاخ ....، ئەم منە شێتی کردم، ئەی باوکەڕۆ ئەوە خۆ دنیا رووناک بووەوە، کورە خۆ کاتی خەو نەما، خوایە غەزەبم لێ نەگریت ..، نەگریسترین مرۆڤی ئەم دنیایەم، باشە بۆ ئەگەر خوا بەنەگریسی دروستی بکردمایە کەس پێی نەدەگوتم نەگریس؟، تازە بەیانییە و خۆر بانگی کردم، لە پەنا هەیوانی خۆردا لە سێبەرێکی پاندا دانیشتم جگەرەیەکم دەرهێنا بیکێشم، هەموو گیرفانم گەڕام چەرخەکەم نەدۆزییەوە، خۆر رووومەتی هێنایە بەر دەمم گوتی " مەترسە ماچێکم بکە و دوایی جگەرەکە بەڕوومەتم داگیرسێنە"، جگەرەیەکم لە پاڵ ئاگرێکی فێنکدا کێشا و خەوم لێ کەوت .

کاتێک بە ئاگا هاتمەوە لە بەردەم پردێکدا بووم پایەکانی دەیانگوت" ئێستا دەڕووخێت"، لە ژێر پردەکەدا ئاو و ئاگر باوەشیان بەیەکدا کردبوو، منی ناو من پاڵێکی پێوەنام و بۆ سەر پردەکە لە یەکەم هەنگاو دوو قومارچیم بینی دەیانگوت " بابڕووخێت ئەم پردە، خۆ ئێمە دۆڕاین"، یەکەم دەیگوت "بە دووەم دۆڕام"، دووەم دەیگوت " بەیەکەم دۆڕام"، کەمێک ئەولاتر چووم، منداڵێک گوتی " بابڕووخێت، خۆمن جارێکی تر باوکم نابینمەوە"، لەولاتر ژنێکی مەمک خڕی سپی رووت هاواری دەکرد " بابڕووخێت .. با بڕووخێت، دەستێک نەما مەمکەکانم بگوشێت و لێوێک نەما لێوەکانم بمژێت"، کەمێک لەولاتریش فەیلەسووفێک بە پێکەنینەوە گوتی "بابڕووخێت، لە ژێر ئاو و ئاگردا، سەهۆڵ بەندانێک هەیە هەموو راستییەکان سەمای بۆ دەکەن "، کەمێک لەولاتر چووم پیرێژنێک گوتی " بابڕووخێت، ئەگەر ئەویش نەڕووخێت، من دەیڕووخێنم .. با بڕووخێت"، کەمێک ئەولاتر چووم وێنەکێشێک گوتی " وێنەی چی بکێشم، درەختەکانی ئەم ناوە بەفلچەی من وێنە ناکێشرێت"، گیتار ژەنێک گوتی " تاڵێکی گیتارەکەم پساوە، پیاوێک نییە تاڵێک لە سمێڵی بقرتێنم بۆ گیتارەکەم"، منیش هاوارم کرد "با بڕووخێت، من هیچم نییە".

با بڕووخێت لە هیچ بەولاوە هیچی ترم نییە، با بڕووخێت..، بەدەنگی بەرز هاوارم کرد لە خوا پاڕامەوە" بیڕووخێنە .. بیڕووخێنە، لەسەر چی وەستاوی؟".

کەمن گوتم با بڕووخێت یەکەم کەس فەیلەسووفەکە گوتی " نا، نا.. خوایە با نەڕووخێت، نەکا سەهۆڵ بەندانی لێ نەبێت"،منداڵەکە گوتی " نا، باوکم لەوانەیە بێتەوە" وێنەکێشەکە گوتی " نا، نا با نەڕووخێت لە پاش مردن وێنەی کێ بکێشم؟ " گیتارژەنەکە گوتی " با نەڕووخێت گیتارەکەی من خۆی پێنج تاڵییە"، ژنە مەمک خڕەکە وتی " لەوانەیە دەستێک هەبێت بۆ مەمکی من" بەس من وتم " با بڕووخێت"، منیش منی من پێی کردم..